# گرووپی گلەیی

حەمەسەعید حەسەن

وەزیری نێوخۆی عێراق، فەلاح ئەلنەقیب، دەبێژێت: (کورد مافی خۆیانە لە عێراق جوێ ببنەوە، ئەگەر جاڕی جیابوونەوەیان دا، ئێمە ڕێز لەو خواستەیان دەگرین و شەڕیان لەگەڵدا ناکەین، ئێمە یەکێتییان بەسەردا ناسەپێنین، سەرکوتکردنی میللەتێک کە خوازیاری ئەوە بێت، دەوڵەتی خۆی هەبێت، بە شتێکی ناشایستە دەزانین.)‹١›

بەهاری ١٩٧٤ تورکیا قوبرسی دوولەت کرد، بەهاری ٢٠٠٤ لەتە تورکییەکە، ویستی لەگەڵ لەتە یۆنانییەکەدا ببێتەوە بە یەک، لەتە یۆنانییەکە، بە زۆربەی دەنگ گوتی، نا بۆ یەکگرتنەوە. کۆششی دەسەڵاتدارانی کوردی باشوور، بۆ ئازادکردنی ئەو بەشەی کوردستان نییە لە زیندانی عێراق، بۆ ئەوەیە، عێراق هاووڵاتیبوونی پلەی یەک، بە کورد ڕەوا ببینێت! ئومێدم بە دەسەڵاتدارانی کورد نییە، خەو بەوەوە دەبینم عەرەبی عێراق بە زۆربەی دەنگ بڵێن، نا، بۆ برایەتی عەرەب و کورد، بەڵێ، بۆ جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق. ئەمە خەوێکی زڕ نییە و دەشێت بێتە دی، ئەها دەسترۆییشتووانی کوردی باشوور، لە عەرەب عێراقچیترن! ئەدی بۆچی ناشێت، ڕۆژێک دابێت، عەرەبی عێراقیش، لە کورد کوردستانیتر بن؟

دەشێت دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستانیش، شەیدای بووکی ئازادی بن، بەڵام بڕیاریان داوە، تەنیا ئەو کاتە جاڕی ئازادیی بدەن، کە داگیرکاران چرای سەوزیان بۆ هەڵکردین. ئەوان جاران وای بۆ دەچوون، خۆری ئازادی لە لوولەی چەکەوە، هەڵدێت، لە دوای هەرەسی بەعسەوە، پێیان وایە، ئازادیی کوردستان بە گوڵبارانکردنی مارینز و لە ڕێی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی عێراقەوە دابین دەکرێت.

کۆتایی ساڵانی چلی سەدەی ڕابردوو، عەرەب بە دابەشکردنی فەلەستین قایل نەدەبوون، ساڵانێکە بە کەمتریش لەو بەشەی ئەوسا قایل دەبن و دەستیان لێی گیر نابێت. ساڵی ١٩٧٤ کورد بە نیوەی کەرکووک قایل نەدەبوو، کەچی هەنووکە، دوای ئەو ڕووباری خوێنەی سی ساڵە لەبەر کورد دەڕوا، چارەکێکی ئەو شارە بە دەست کوردەوەیە!

ئەوی کورد پێی دەگوت، وتووێژ، لە ڕوانگەی بەعسەوە، گەڕانەوە بوو بۆ ژێر دەواری عێراق. کورد بە پێوەندیی نێوان خۆی و ئەمریکای دەگوت، هاوپەیمانێتی، وەلێ لە گۆشەنیگای مارینزەوە، کورد لە دارستانێک چەکی بەکرێگیراو زێتر، هیچی دیکە نەبوو، هەر بۆیە کە تاڵەبانی و بارزانی گلەییمامەیەکیان ئاڕاستەی جۆرج بوش کرد، یەکسەر هەقی تفەنگە بەکرێگیراوەکانی، بە زیادەوە دەفع کرد.

بریا کەرکووک، نە قودسی کوردستان بووایە، نە ‹فوئاد›ی!‹٢› بریا کەرکووک نە شاری برایەتی بووایە، نە عێراقێکی بچکۆلە! ئاخر هەتا ئەوانە بێت، بەشێک نابێت لە کوردستان. کەرکووک نە دڵی کوردستانە و نە قودسی. کەرکووکیش وەک هەولێر و وەک سلێمانی، شارێکی کوردستانە و هیچی تر، نە لە هیچ شارێکی دیکەی کوردستان پیرۆزترە و نە لە هیچ بازێڕێکی تری ئازیزتر. تەنیا کەرکووک شاری برایەتی نییە، هەموو شارێکی کوردستان، شاری برایەتییە، هیچ شارێکی کوردستان، شاری دوژمنایەتی نییە. کەرکووک عێراقێکی بچکۆلە نییە، کوردستانێکی بچکۆلەیە.

هەر کەسێک هەڵدەستێت، ناوێک لە کەرکووک دەنێت، تکایە ڕێم بدەن، منیش گرووپی کوردی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، ناو بنێم، گرووپی گلەیی، ئاخر ئەوانەی گوایە نوێنەری کوردن لەو ئەنجوومەنە، ساڵێک و قوسوورە، لە گلەیی بترازێت، هیچی دیکەیان نەکردووە؟

2004. 07. 31

‹١› وزیر الداخلیە یؤکد حریە الاکراد فی الانفصال، جیهان الحسینی، الشرق الأوسط، ص٢ ٢٠٠٤/٧/٢٩ لندن.   ‹٢› دڵ.